# خوێنبەربوونی شادەماری خەیاڵ

بورهان ئەحمەد
(کەرکووک)

خانوویەک، ژوورێک، قەرەوێڵەیەک،
دەستێک پێخەف،
کتێبخانەیەک
سەعاتێکی چاڵەی هەڵواسراو
کورسی و مێزێک،
من، کوڕی دنیایەک نیم
مادده دەستی خستبێتە بیناقای

***

کەپرێکی نارنجی
لەحەسیر و قامیش و زەل
ڕوو لە ئاسۆ.
من، سەر بەئاسمانێک نیم
بۆ باڵندە بوویێتە تەلبەند
مانگی باڵبەست کردبێت
فڕینی خستبێتە قەفەسەوە

***

لە خەیاڵدانی هەموو پاپۆڕێک
بەندەرێک بوونی هەیە
گشت خیانەتێک
بارهەڵگری خیانەتێکی دیکەیە
ناسنامەکەم وەربگرنەوە لێم ...؟
من سەر بە کولتوورێک نیم
ناپاکی شادەماری بەنج کردبێت
شارنشین نیم!
ئەو شارەی،
کەڵەشێرەکانی لاسایی کووندەپەپوو بکەنەوە
کۆترەکانیشی قەلەڕەش
شارێک، نەوت ڕێنیمایی بکات
نەوت خۆی خزاندبێتە خوێنییەوە
شارێک، پڕ بوویێت لەپەڕەسێلکەی ئاشووب
کوکوختی فیتنە
سەردانی پیشانگایەک ناکەم



هونەرمەندێکی خوێنسارد
بەڕەنگەکانی تەمبەڵی
تابلۆکانی کێشابێت

***

لەخەزینەی سەردا
ئومێد هیچ نەختینەیەکی نەما
لە قاسەی خوێندا
دیدەنیت قەرزاری کلیلەکانی چاوە
بەڵام ئەوەش بزانە
بانکی دڵ
پڕ پڕە لە ڕەسیدی ئەوینت

***

سێبەری تەڕی دارتوویەکی هندی
پێکەنینی هەڵواسراوی چەند هەڵووژەیەک
ڕۆشنایی بێ باجی ئەستێرەکان
لە نیگای تینووی هەنارێک
ڕووانین و قووڵبوونەوە

***

سڵاوی گەرمی کلاوکوڕەیەک
گەمەی مان و نەمانی نێوان
پەپوولە سولەیمانەیەک و سەرەمێکووتەیەکی
نێو حەوزی ئاوەکە
سوعبەتی ناکۆتای من و سروشت
پێوەندی بەردەوامم لەگەڵ گژووگیا

***

گارەگاری مامرەکان
قووقەی کەڵەشێرە شامییەکە
هێلکەیەک کولاو
چەند تەڵێک پوونگە
دوو کەوچک ماستی بزن
چەند دەنکێک زەیتوونی زەرد
هەندێ گەلا پەڵپینە
دوو سێ دانە دۆینەی خووساو
ژێر پیاڵەیەک هەنگوینی ساغ
نانێکی جۆ
تەواوکەری خوانێکی شاهانە

***

دوو درەختی سەروو
چەند شەتڵێک گوڵە شەوبۆ
ڕووبەرێک چیمەنی سەوز
جۆلانەیەکی گوریس
گەڕانەوەی مناڵیم

***

ئاسمانی شینی لادێ
مانگە شەوێکی سپتەمبەر
قیڕەقیڕی هەندێک بۆق
کزەبایەکی فێنک
دانیشتنێکی سادە و دۆستانە
گفتوگۆی بێ گرێی هاوڕێیان
ئاهەنگی تریقانەوەی خوێن
ڕاکشانێکی شرین لەژێر بالیفی تریفە
خەوێکی بێ مۆتەکە
ڕوخسارێکی ساف و بێگەرد
دەم و لێوێکی بێ تامێسکە
خولیای نەگۆڕی من

***

ساتەوەختی جیاکردنەوەی تیرەی ڕەش لە سپی
سەرلێشێوانی هەنگەکان لەنێوان لێڵی و ڕوونیدا
گردبوونەوەی هەندێکیان لە دەور گڵۆپە نیۆنەکە
دەیکوژێنمەوە،
دەگەڕێنەوە ئامێزی سروشت
کوژانەوە: واتە مەرگی ڕووناکی دەستکرد
کوژانەوە: یانی ئاشتبوونەوەی هەنگ و گوڵەکان

***

تکەتکی ئاوی سۆندەیەک
بۆ ژێر نەمامێکی تەریک
هێلانەی کوکوختییەک
لە نێو چڕیی گوڵەهەنگوینی
قەد سیمی پەرژینی باخەکە
تەماشای بێ باج
چێژی بێ سەرانە

***

ساباتێکی شین
ڕایەخێکی خۆماڵی
ڕووانین لە ئاسۆی بێ بنی خەیاڵ
بووژانەوەی ئازادی ناوەکی

وەرین و خەزانی تەماح
هێوربوونەوەی دووایەمین خانە
حەسانەوەی دوورترین دەمار
گەشانەوەی ڕوح
حەوانەوەی قووڵترین هەناسە
❋❋❋
پاراوکردنی دارهەنجیرەکان
زەحمەتییەکی زۆری سەرقاڵی
خۆڕاگری دار زەیتوونەکان
لەبەرانبەر کەم ئاوی مانگی ئابدا
بەشێک لە خۆشحاڵییەکانی من
بیرچوونەوەی هیلاکی
دڵنەوایی و ئارامی
❋❋❋
مۆسیقای سپێدەیەکی تاسەدار
خوێندنی پۆرێک لە چەمەکەی خوارەوە
دەنگی زەنگۆڵەی ملی مەڕەکانی مام (جەبار)
لە گردەکەی بەرانبەرەوە
برووسکە و هەوری ئاوەدانی
بارانی خۆشبەختی
فیکەی هەڵپەداری سوێسکەیەک
لەسەر تاوێری ڕەق و وشکی ژیان
بانگەوازی بلبلێکی نێرینە
بۆ مێیەکەی بەرانبەری
هەڵپە و پەلەپەلی تەمەن
یاسای جێگیری جۆشداری
وزەی لە بن نەهاتووی خرۆشان
ڕێژەی نەگۆڕی وجوود
کەمێکیش حەسادەتی من
❋❋❋
تەراتێنی چەند جرجێک
لەژێر تارمایی نیناکان
بەزەبری گلۆپەکە
دیاربوونی تۆپەڵێک پیسایی تووتکەکە
لەسەر چیمەنەکەدا
باڵەفرەی چەند سیسارک و کوللەیەک
پیاسەی بە ویقاری ژووژوویەک
بەکەنار دارئەلیزاکاندا
گیزەگیزی مێشوولە
هاتنی وەرسییەکی ناوەڕس
سڵاوی بێزارییەکی نابێزار
ماڵی پشیلە کێوییەکە ئاوا بێت
ئێرە وەک کۆگا و سەیران دەبینێ

**کەرکووک / گوندی زەنگنە / مانگی ٩ی ٢٠١٨**